چوار فراکسیۆنی کوردستان لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە

چوار فراکسیۆنی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە دژی هەوڵکانی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەوەستنەوەو دەڵێن: "هەر دواخستنێکی هەڵبژاردن بەرەنگاربوونەوەیەکی روونە لەدژی یاسا و دەستوور و دیموکراسی". وتەبێژی فراکسیۆنی یەکێتیش دەڵێت: "هەر هەوڵێک بە دواخستنی هەڵبژاردن ڕەتدەکەینەوە".

فراکسیۆنکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کەمەی دادگەری کوردستان و نەوەی نوێ لە دژی هەر هەوڵێک بە دواخستنی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە بڕیارە لە ڕۆژی 10ی 6ی 2024 ئەنجام بدرێت دەوەستنەوە و لە ڕاگەیەندراوەکدا هەر چوار فراکسیۆنەکە ئاماژە بەوەدەکەن: "هەڵبژاردن مافێکی یاسایی و دەستووری و دیموکراسی خەڵکی هەرەمی کوردستانە و ناکرێت بە ویستی تاکە حزبێک دوابخرێت".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە: "هیچ بیانوویەک بە دواخستنی هەڵبژاردن لە هەرەمی کوردستان نییە و کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراقیش بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی

بە هەڵبژاردن، لەکاتێکدا وادەی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە مەرسومی بۆدەرکراوە و دادگای فیدراڵیش پشتیوانی هەڵبژاردن لەو وادەیەدا دەکات".

چوار فراکسیۆنەکە داوا لە دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی (ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی وەزیران، دادگای فیدراڵی، کۆمسیۆن) دەکەن دژی هەر هەوڵێک کە بە دواخستنی هەڵبژاردن دەدرێت بوەستنەوە و زامنی هەڵبژاردن بکەن لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا، لەبەر ئەوەی هیچ هەکارێک نییە بە دواخستنی هەڵبژاردن.